# ئێستاش له كوردستان كارلەدەست بەعسێكانه ؟!

كاویزمەلاپەرویز

ئەمرۆبا ئەوه نەبێته مشتوو مر لەنێو نوسەران، كه ئەندامانی دەسریشتوو له هەردوو حزبەكه، بگره تا ئەندامانی سەركردایەتی وگەوره كاربەدەستانیش دەستێكەلأویان هەبوه لەگەڵ بەعسی ئەندازیاری ئەنفال وقركردنی كورد، زۆر بەدڵنیایەوه گەوره دەسترۆیشتوانی حكومەت وئیدارەش زۆربەی پیاوانی كۆنی رژێم بوون ئەو پەیوەندیەش تازه كرابۆیەوه، ئەمه نهێنی وشارەو نەبوه؟!

كاتێ بەعسی هەڵوەشاوه لەسەر دەسەلأت بوو گاریگەری زۆری لەسەر ئیدارەكانی كوردی هەبو به رێگای ئەو زاتانه بەنده یەكێك بوو لەو كەسانەی كه گوزری ئەو بەعسیانەی پێ كەوت لەنێو ئیدارەی كوردی باوەرم بەوه هەیه كه زۆری تریش به دەردی من چوونه، ئێستاش كه قسه دەكرێت لەسەر ئەوەی دەبێت ئەو لیسته ئاشكرا بكرێت و دادگایی بكرێن ئەمه سەیره؟

لەسالأنی رابردوو له رۆژنامەكان به دەسەلأتی كوردیمان گوت :

دەرفەتی كار به بەعسیەكان مەدەن، نوسیمان سیاسەتی حزب وحكومەت چەوته بەو ئەندازەیه كه خەلكی تێكۆشەر وەلادەخرێت لەكونی درزیەوه بەدوای كۆنه ...........دەگەرێن تا كاریان پێ بدەن له هەموو بوارەكان.

ئاشكراكردنی ئەو لیسته كه قسه هەیه كەوتبێته بەر دەستی ئەمەریكیەكان، زەند دەكەم ئەگەر ئەمەریكا بۆ خۆی وەكو دەسەلأتی كاتی لەئێراق لێپێچینەوه لەگەل ئەو كورده هەم بەعسیانه هەمیش خۆفرۆش و خائینانه نەكات، با له ئێوەش روون بێت به بەرز كردنەوەی پلەیان له لایەن دەسەلأتی حازریەوه ئەو كۆنه هینانه خەلأت دەكرێن، له جیایی سزادان.

ئێوەش ئەی ئەهلی قەلەم بێدەنگ بن نه حزبەكان ئەو جۆره هەلویسته شەرمەزارییان پێ شەرم بوه، نەش گوێتان لێ دەگرێت، نەخۆ زور دەمێكه دەزانرێ پەیوەندی تاكه كەسی له سەركردەكان تا كاری ژێر بەژێری و رێكەوتن وهەبونی تەنسیق لەنێوانیان ( احی علی صلاه ( بوه.

K_mlaprwez@yahoo. com

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینه بیروبۆچونی نووسەرەكەیەتی، كوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییه.